# بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی زامنی پێشڤەچوون و سەرکەوتنمانە

غەفوور مەخمووری
عەمان _ ئوردەن

بوونی چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان پێویستییەکی بابەتی و دیرۆکییە و زۆر جاری دیکەش لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆمان کردووە و هەوڵمانداوە ئەم کارە نەتەوەییە بە ئەنجام بگەیەنین، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار هەوڵەکان بێ ئەنجام ماون، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ماوەیەکە دیسان باس لە ئەنجامدانی ئەو کارە نەتەوەییە دەکرێ، پێویستە ئەمجارە هەموو لایەکمان هاوکار بین بۆ سەرخستنی ئەم کارە.

بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و بە پەلەی ئەم قۆناخەی خەباتی گەلەکەمانە و تا رۆژێک زووتر ببەسترێت باشترە، لەبەرئەوەی رۆژهەڵاتی ناڤین لەبەردەم کۆمەڵێ گۆڕانکاری مەزندایە، پێویستە ئێمەش وەک نەتەوەیەکی ماف زەوتکراو بەرنامەو کارنامەی نەتەوەیی خۆمان لەسەر ئاستی نەتەوەیی هەبێت بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا نەک شتی لابەلا، بۆ ئەمەیش پێویستە بە زووترین کات کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەستین بۆئەوەی نەکەوینە دوای خەڵکی دیکەوە، ئێستا کورد کارتێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە بەرنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

بە بڕوای ئێمە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ببەسترێت و هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانیش رۆڵی تەواوی تێدا ببینن و ئەم کۆنگرەیە بکەنە سەنتەری بڕیاری نەتەوەیی و لەوێوە بڕیارە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان بدرێن بەمەیش بڕیارەکان شەرعییەتی نەتەوەییان دەبێت و ئێمەیش دەتوانین بە هێزەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکاندا بکەین، لە کاتی بەستنی کۆنگرەیەکی وادا دەکرێ بەم شێوەیە کاربکرێ: لایەنە سیاسییەکانی هەر بەشێکی کوردستان داخوازییەکانی خۆیان بۆ ئەم قۆناخەی خەبات یەکبخەن و لە ژێر تیشکی ئەمەشدا پێویستە ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لەسەر ئاستی نەتەوەیی دابڕێژین، بێگومان دیارە ستراتیژی نەتەوەیی واتە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی

کوردستان، لەهەمان کاتدا بۆ هەر بەشێکی کوردستانیش چی لەم قۆناخەدا وەدەستدێ وەدەستی بێنین وەک هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، واتە ئەم کۆنگرەیە جگە لەوەی دەبێتە چەترێکی نەتەوەیی داخوازییەکانی گەلی کوردستانیش یەکدەخات و لەو پەرش و بڵاوییە رزگاری دەکات کە هەر لایەنەو شتێک دەخوازێت، بۆ ئەمەیش پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشدار بن و بە بیانووی جیا جیا و بۆ رازیکردنی ئەم و ئەو رێگری لە هیچ لایەنێک نەکرێ لەبەرئەوەی ئەگەر لایەنێکی سەرەکی لە بەشێکی کوردستان بەشداری کۆنگرەیەکی وا نەبوو یا رێگری لێکرا ئەوا ئەو کاتە کۆنگرەکە نابێتە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە ئەم بابەتە بەهەند وەربگرین و بە بایەخەوە لێی بڕوانین.

ئێمەی کورد پێویستە بەگرنگییەوە سەیری یەکێتی کوردان بکەین و لەجیاتی بایەخدان بە پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بایەخ بە پەیوەندی نەتەوەیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بدەین، لەبەرئەوەی کاری راست ئەوەیە کە ئێمەی کورد لە یەکتر نزیک بین نەک لە داگیرکەران، بۆ ئەمەیش پێویستە هەنگاوی پراکتیکی بهاوێین و بە کردەوە هاوکاری یەکدی بکەین، لە رابردوو کە ئەمە نەکراوە زیانی زۆرمان پێگەیشتووە با لە ئێستادا ئەمە بکەین بۆ ئەوەی زیانی زیاترمان پێنەگات، ئەوە دەزانین لە پەرش و بڵاوی جگە لە زیان هیچمان دەست نەکەوتووە با لەیەکدی نزیکبوونەوەیش تاقیبکەینەوە، بە دڵنیاییەوە لەمەیاندا سوودمەند دەبین.

تا ئێستا نەخۆشی گەورەی کورد یەکدی قبوڵنەکردنە، بەباوەڕی ئێمە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرەتایەک دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە و زۆر نەخۆشی دیکەش، لەبەرئەوەی زۆر جار کە مرۆڤ لەیەکدی دوور دەبێت و لەرێی کەسی سێیەمەوە شتی پێدەگات شتی دروستی پێناگات زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش وان، بەڵام ئەگەر چەترێکی نەتەوەیی هەبوو هەموو لایەنەکان لەوێ کۆبوونەوەو یەکدییان بینی وردە وردە تەمی گومانەکانیش دەڕەونەوەو خەمی نەتەوەیی و کاری نەتەوەییش وادەکات لە یەکدی نزیک ببینەوەو گیانی یەکدی قبوڵکردنیشمان زیاتر بێت. بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم قۆناخەی خەباتی گەلی کوردستاندا وەرچەرخانێکی مەزن دەبێت لە دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا و دەبێتە هۆکاری پێشڤەچوونی زیاتری پرسی کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەکەو جیهاندا، لەهەمان کاتدا وربەبەخش دەبێت بۆ خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە پێویستە ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە دوا نەخرێت و بە زووترین کات ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەیش پێویستیمان بە ئیرادەی بەهێزو بڕیاری بوێرانەی نەتەوەییە.